# ناوەندی هەواڵگری فیدراسیۆنیسەراسەری پەنابەرانی عێراقی

## هەواڵ و هەڵسورانەکانی فیدراسیۆنی پەنابەران

بەریتانیا

### ژمارەیەك له ئەندام پەرلەمان ورێکخراوی پەنابەری داوا لە سەرۆك كۆماری عێراقو سەرۆك وەزیران و سەرۆكی هەرێمی كوردستان دەكەن پەنابەری بەزۆر نێراوە وەر نەگرنەوە

لە نامەیەكدا كە هەردوو فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی و بەرەی دژی دیپۆرتی پەنابەران بۆ عێراق ئاڕاستەی تەواوی ئەندام پەرلەمانەكانی ئەوروپا ورێكخراوە پەنابەری و ئینسانی یەكیتی كریكاریەكان كردوە وێنەی نێراوە بۆ ناوەندی هەواڵگری سەبارەت بەدەوری سلبی حكومەتی عێراقی و هەرێم لەسەر رەوشی پەنابەران ،داوایانكردوە تەواوی ئەو لایەنانە بەرگری و پشتیوانی لە خواستە ئینسانیەكانی پەنابەرانی كوردو عێراقی بكەن.

لە لیستی یەكەمی ئەو لایەنانەی ئیمزایان داوا لەو نامەیەی كە ئاڕاستەی سەرۆك كۆماری عێراق و سەرۆك وەزیرانو وسەرۆكی هەرێمی كوردستان كراوە:

- John Mcdonnall ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا لەسەر لیستی لیبەر پارتی
- Dr Williams لەرێكخراوی( Swansea bay Asylum support Group ,swansa women,s Asylum support Group#
- George Nightingle لە رێكخراوی(communties of risistance)
- Arzu Pesmer لە رێكخراوی (Kurdish federation in UK)
- Nick Jameson لە رێكخراوی (fight racism fight imperialism)
- Gabriell لە رێكخراوی ((campaign Against Immigration Controls
- Cameroon support net work
- Stuart Croshwite Secretary SYMAAG South Yorkshire Migration and asylum Action Group

ناوەڕۆكی داواكاریەكانی ئەو نامەیە"هیچ پەنابەرێكی بەزۆر نێراوە وەرنەگرنەوە،فرۆكەخانەكانیان بەڕووی پەنابەرانی بەزۆر نێراوە دابخەن،هەموو ئەو ئیتیفاقیانە هەڵبوەشێنەوە كەلەگەڵ وولأتانی ئەوروپا لەسەر حسابی پەنابەران ئیمزاكراوە"

برۆك هاوس،هارمندسورس

### ژمارەیەك پەنابەری كورد ماوەی زیاتر لە7 ڕۆژ وكەمتر لە 24 رۆژیان بۆ دیاریكراوە دیپۆرتی كوردستان بكرێنەوە

ماكوان لەگرتووخانەی برۆك هاوسەوە بە سکرتاریتی فیدراسیۆنی ڕاگەیاند "ئێمە ژمارەمان زیاتر لە 15 پەنابەری کوردە و نامەیان پێداویین لەماوەی زیاتر لە 7ڕۆژ و کەمتر لە 24 رۆژی داهاتوودا بەزۆر دەمانێرنەوە کوردستان"

ماکوان ئەوەشی ووت "لە بارێکی دەرونی خراپدا لەم گرتووخانەیەدا ژیان بەسەر دەبەین زۆربەمان زیاتر لە 8 ساڵە لەبەریتانیا ژیانمان دامەزراندوە"

ئەحمەد لەگرتووخانەی هارمندسورس ووتی"کارمەندی فرۆکەخانەی هەولێر لە پەیوەندیەکی تەلەفونیدا پێ ووتم(دوو هەفتە پێش ناردنەوەی ئەو پەنابەرانەی لەم دواییانەدا دیپۆرتکرانەوە ،ئێمە ئاگادار بووین ئەو پەنابەرانە دەنێرێنەوە)"

ئەحمەد ئەوەشی ووت"ماوەی هەشت ساڵە لەو وولاتە ژیان بەسەردەبەم ،بۆ بۆمنداڵەکانی مسوولەکان ڕەوایە جنسیەی ئەورووپایان هەبێ ..بۆ لێمان ناگەڕێن وداوا دەکەن بمانێرنەوە .. ئێمە لەدەست ئەوان کوردستانمان جێهێشت .لێمان گەرین وەك کورەکانتان بژین"

ئەحمەد سەبارەت بە ژیانی گرتووخانەکان ووتی"ئێمە چوار کوردین لەم ژووردا یەکێکمان خەڵکی کەرکوك و ئەو تریان خەڵکی شاری موسڵە:کەسم لەگەڵدا بوو لە نارەزایەتی لە بارودۆخی گرتوخانەکان لەخۆی ئەدا لە بەر قەرزاری ترسی لەوە هەبوو دیپۆرتبکرێتەوە ..یەکێکی تر لەو پەنابەرانە بەناوی بەختیار خاوەنی ژنو دوو منداڵ بوو کە چەند مانگ بەر لە ئێستا دیپۆرتی کوردستانکراوەتەوە بێ سەروشوێن بوو دوای ماوەیەك.."

ئەحمەد ئەوەشی ووت "من لەگەڵ 6 گرتووخانەدا پەیوەندی تەلەفونیم هەیە زیاتر لە 70 کورد لەگرتووخانەکاندان"

ئەحمەد لە هەوڵەکانی فیدراسیۆن بۆ بەهانەوە چوونی پەنابەران لەگرتووخانەکاندا سپاس گوزاری کرد لە پێناو داکۆکی لەمافەکانی پەنابەران.

سوید

## بەرپرسی فیدراسیۆن سەردانی ژمارەیەك گرتووخانە پەنابەری دەکات لە شاری یۆتۆبۆری

ڕیبوار حسین بەرپرسی فیدراسیۆن لەشاری یۆتۆبۆری بە سکرتارێتی ڕاگەیاند"لەگەڵ نوێنەری سەلیبی ئەحمر سەردانی گرتووخانەی کۆلەریتمانکرد تا لە نزیکەوە ئاگاداری خراپی رەوشی زیندانی عێراقیەکان بین چاومان کەوت بە ژمارەیەك لە پەنابەری کوردو عیراقی کە چواریان ژنو بوو یەکێك لەوانە کەم ئەندام بوو هیچیان رازی نین دیپۆرتبکرێنەوە"

ریبوار ئەوەشی ووت"بارودۆخی پەنابەران رۆژ بەرۆژ لە خراپبووندایە لە وولاتی سوید ..بەشێك لە پەنابەران هەفتانەی ئیمزای پۆلیسیان بۆ داناراوە و ئاگاداریان کردون کە لەمانگی سێ دا دیپۆرتی عێراقیان دەکەنەوە "

ریبوار سەبارەت بە هەوڵەکانی فیدراسیۆن ووتی" سەرباری سازدانی چەندین خۆپیشاندانو رێپێوانی نارەزایەتی لە دەورەی رابردوودا ،بەردەوام سەردانی زیندانیەکان دەکەین ، لەگەڵ کۆمەڵێك لە رێکخراوی دیکەی پەنابەری بەردەوامین لەهەوڵەکانمان لە پێناو بەشکستکێشانی سیاسەتی دژ پەنابەری ووڵاتی سوید ،وابریارە 7-4 سیمینارێکی گەورە ساز بدەین لە سوید کە ژمارەیەکی زۆر لە ئەندام پەرلەمانی سویدو ئەحزابی سیاسی سویدیمان بانگهێشتکردوە و سکرتێری فیدراسیۆنیش لەو سیمینارەدا بەشداری دەکات"

بۆ پەیوەند بە فیدراسیۆنی لەشاری یۆاتۆبۆری پەیوەندی بکەن بە ریبوار حسین لە رێگا ئیمیلی:

Rast-1990@hotmail.com

لەندەن

## سکرتێری فیدراسیۆن ژمارەیەك لە ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا لە حزبی دەسەلأت لە خراپی ڕەوشی پەنابەران ئاگاداركردەوە

سەمیرە ئەحمەد ئەندامی ڕاوێژكاری سكرتارێتی فیدراسیۆن ووتی"ڕۆژی دووشەمە 25-1 لە هۆلێ پەرلەمانی بەریتانیا لەلایەن لیبەر پارتیەوە كۆبونەوەیەك لەگەڵ ڕەوەندی كوردی سازدرا ،لە كۆبوونەوەیەدا سكرتێری فیدراسیۆن لەگەڵ جێگری لیدەری حزبی لیبەر پارتی و ئەندام پەرلەمانی هاكنی و هارینگەیدو ئیلفۆرد لەسەر سیاسەتی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەرانی كورد وخراپی بارودۆخی سیاسی عێراقو كوردستان وئەو ئیتیفاقیانەی لەگەل حكومەتی عێراقی و هەرێمی كوردستانداكراوە قسەوباسیكرد نامەیەكی ئامادەكراو كە ئاڕاستەیە بۆ سەرۆكی كۆماری عێراقو سەرۆكی هەرێمی كوردستان تەسلیم كردن"

سەمیرە ئەوەشی ووت "ئەو شەش ئەندام پەرلەمانەشمان لەنیگەرانی رەوەندی كوردی لەبەریتانیاو وولأتانی ئەوروپا سەبارەت بەسیاسەتی چەوتی لیبەر پارتی بەرامبەر پەنابەرانی كوردی عێراقی ئاگاداركردەوە"

فەرەنسا

## ئاگادارییەك لەبارەی نوێنەری فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی لە فەرەنسا

لەرێگەی ئەم ڕاگەیاندنەوە هەموو دەزگاكانی ڕاگەیاندنو و حزبو رێكخراوە سیاسی و پێشەی و ئینسان دۆستانو و پەنابەرانی كوردو عیراقی ئاگادار دەكەینەوە كە بەرێز (یوسف كانیمارانی)لەم بەرەوارە بەدوا نوێنەری فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقیە لە فەرەنسا . دەكرێت بەم ناونیشانانە پەیوەندی پێوەبكرێت:

ژمارەی تەلەفون:0033646424802

ئیمیلی:saman175@hotmail.com

سویسرا

## ڕەوشی پەنابەران لەسویسرا رۆژ بەرۆژ بەرو خرابوون دەچێت

جەمال كۆشش ئەندامی سكرتارێت و بەرپرسی راگەیاندنی فیدراسیۆنی ووتی"پەنابەرانی كوردو عێراقی رۆژ بەرۆژ داوای پەنابەرییان ڕەت دەكرێتەوە،پەنابەرێكی زۆر لە زیندانیەكاندا ڕاگیراون سەربارى كیشەی بێجێگای.."

جەمال ئەوەشی ووت" ژمارەیەك لەو پەنابەرانە زیاتر لە 11 ساڵ یان 7 ساڵ لەسویسرادا ژیان بەسەر دەبەن كەچی بۆ كەمپێكی دوورە دەستی سەر شاخ نیردراون كە لایەنی كەمی خزمەتگوزاری تێدا نیە ، هەوڵ تێكوشانی ئێمەو رێكخراوە پەنابەرایكانیش لە پێناو بەرگری لەمافو حورمەتی ئینسانی ئەو پەنابەرانە بەردەوامە "

## بەرپرسی لقی کوردستانی فیدراسیۆن لەگەڵ سکرتێری بەرهەم سالح کۆبووە



ئاری جەلال هەڵسوراوی لقی کوردستانی فیدراسیۆن ووتی"ڕۆژی 10-1 ئامانج عبدولآ بەرپرسی لقی کوردستان فیدراسیۆن لە ئەنجومەنی وەزیران چاوی کەوت بە بەرێز سکرتێری بەرهەم سالح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و یاداشتی سکرتێری فیدراسیۆنمان پێدان بەدەستی کە ئاڕاستەی سەرۆکی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان کراوە سەبارەت بە ڕەوشی پەنابەران وداواکاریەکانی پەنابەران لە دەرەوە"

ئاری ئەوەشی ووت "لەو سەردانەدا بە دریژی تیشك خرایە سەر سیاسەتی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران و کێشەی پەنابەرە دیپۆرتکراوەکان و کردنەوەی ئۆفیسی فیدراسیۆن لەکوردستان کە ماوەیەکی زۆرە داوای ئیجازەکەیکراوە"
ئاری ئەوەشی ووت "سکرتێری سەرۆکی حکومەت بەڵێنیدا کۆبوونەوەمان لەگەڵ سەرۆکی حکومەت بۆ ساز بدات لەسەر داواکاریەکانمان"

ئامانج عبدولا بەرپرسی لقی کوردستانی فیدراسیۆن ووتی"ماوەی ساڵێکە داوای ئیجازەی ڕەسمی فیدراسیۆنمان کردوە لەپێناو هاوکاری پەنابەرانو کەسوکارو ، جێبەجێکردنی کێشەی پەنابەرە دیپۆرتکراوەکانو داواکاریەکانیان چ لە سلیمانی وچ لەهەولێر تا ئێستا زیاتر لە30 جار هاتووچووی هەولێرمانکردوە داواکاری ڕەسمیتی کردنەوەی نوسینگەکەمان لە پرۆسەدایە "